پارێزگاری دیالە سەردانی شاری خانەقینی کرد و ڕێزامەندی لەسەر سە پرۆژەی داوە

ئەمڕۆ یەکشەممە (5ـی ئایاری 2024)، کەریم عەلی ئاغا پارێزگاری دیالە بە وەکالەت سەردانی شاری خانەقینی کرد.

دلێر حەسەن سایە، قایمقامی خانەقین سەردانەکەی پارێزگاری دیالە بە بەرهەمدار وەسف دەکات و دەڵێت، توانیمان ڕێزامەندی سە پرۆژەی گرنگی لە وەربگرین کە ئەوانەش کردنەوەی فەرمانگەی پاسپۆرت و کۆنکرێت کردنی گۆڕەکی سیروان و فراوانکردن و جوانکردنی زاڵگەی قەپانی خانەقین.

بەوتەی قایمقامی خانەقین، هەر ئەمڕۆ دەستکرا بە کارکردن لە بونیادنانی فەرمانگەی پاسپۆرت کە بە یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکان دادەنرێت و ساڵانێکە هەوڵی بە دەدرێت.